# دیدارێك لەگەڵ بەرزان هەستیاری شاعیر

**سازدانی چاوپێکەوتن: زمناکۆ بورهان قانع**
zimnaco@hotmail.com

- مەسەلەی "خۆکوشتن " لە ئەدەبدا ڕەگێکی قووڵی هەیە.
- من ئینسانەکانم نابووت و ڕسوا نەکردووە، بەڵکە ئەوە ئینسانەکان خۆیانن وا لە خۆیان دەکەن.
- منیش لەگەڵ " بەختیار عەلی "دام و دەڵێم ئێمەش ئیکارۆسمان هەیە بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئایا ئەو ئیکارۆسانەی ئێمە تا چەند توانای فڕین و بەرزبونەوەیان هەیە؟؟؟



وێنەی بەرزان هەستیار بە کامێرای ( هیوا قادر) ی شاعیر

بەرزان هەستیار ی شاعیر ناوێکی دیارە لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا ئەو بۆ خۆی بە نەوەی کۆتایی حەفتاکان‌و سەرەتای هەشتاکان دەژمێردرێت، لە نێو قەسیدەکانی دا وەک حەمە عومەر عوسمان هەمیشە تەقسێکی حەزین ئامادەگی هەیە، بەڵام بە ستایلێکی جیاواز لە حەمە عومەر، ترسێکی زۆری هەیە بەرانبەر بە مەرگ‌و هەندێک جاریش بانگەشە بۆ مەرگدۆستی دەکات، ئەگەرچی خۆی بەم پێناسەیە بێزار دەبێت بەڵام ئەو فەزا تاریکە لە بەشێکی زۆری قەسیدەکانیدا بەدی دەکرێت، هەستیار ئەم شتانەی هەیە:- ئیلقایەکی شیعریی لێوان لێو لە حوزن، زمانێکی دەوڵەمەند، دنیایەکی شیعری تا ڕادەیەک ڕەش لەگەڵ کوڕێک بە ناوی زەنوێر کە سیازدە ساڵە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە دنیای شیعری بەرزان و ڕوئیای ئەو بۆ شیعر بە پێویستم زانی کە ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازبکەم ..

**زمناکۆ: هەر کەسێك قەسیدەکانی تۆ بخوێنێتەوە، هەست بە ڕەشبینی و تێکشکانێکی زۆر دەکات، کۆمەڵێك موفرەدە هەیە کە بە بەردەوامی لە نێو قەسیدەکانتدا وجودیان هەیە، وەك ( خۆکوشتن، گومان، دووری، نیگەرانی ....) لە ڕێی ئەم موفرەدانەوە وا بەدەردەکەوێت کە ترسێکی زۆرت هەیە بەرامبەر بە مەرگ.. پرسیار لێرەدا ئەوەیە:-**

**ئەم ترسە تاکەی بەردەوام دەبێت ؟؟ یان بۆچی لە قەسیدەی (ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن)دا هەمووومان داوەت دەکەیت بۆ خۆکوشتن و بینینی ئەو خوێنەی کە لە باخچەکەتدا دەیڕێژیت و لە ڕەنگی یاقووتە ؟**

**بەرزان هەستیار: بە گشتیی پرسیارەکانت لق و پۆپی زۆریان لیَ دەبێتەوە، بەهەرحال هەولَ ئەدەم وردە وردە هەندیَ شت بلێم.**

دەمەویٚ سەرەتا ئەوە بدرکێنم، ئەو شتانەی تۆ دەیانڵێیت تا ڕادەیەك ڕەنگە لە یەکەم خوێندنەوەدا بەو شێوەیە لای خوێنەر بکەونەوە کە تۆ باسیان دەکەیت، ئەم بۆچوونانەش ڕەنگە لە دوای دیوانی "نەوەیەك پیرە مندالٚ "ەوە زیاتر ئەو جۆرە تێڕوانینەیان لای خوێنەر دروست کردبێت، واتە لە کۆمەڵە شیعری نێو دیوانی " بە تەنیشت فەنابوونەوە " و شیعرەکانی پاش ئەو دیوانە، بەڵام من دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە ئەوەی تۆ ناوی دەنێیت ڕەشبینیی و تێکشکان، زیاتر جۆرە تۆقینێکە لە مردن و ڕاکردنە لێی لە ڕێی شیعرەوە، لێتی ناشارمەوە کە ماوەیەکی زۆرە پرسی "مردن " پانتاییەکی گەورەی لە ژیان و قەسیدەکانی مندا داگیر کردووە و خۆشم نازانم کەی و چۆن ئەو ترسە لەلام دەڕەوێتەوە؟؟؟ جێی خۆیەتی ئەوەش بڵێم ئەگەر ورد تر قەسیدەکان بخوێنیتەوە ئەوەندەی ئەو ترسەیان تیا دەخوێنیتەوە ، ئەوەندە مەرگ دۆستییان تیا بەدی ناکەیت، ئەمە جگە لە قەسیدەی " ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن " کە ڕەنگە لەم قەسیدەیە دا شتەکان بە جۆرێکی تر خۆیان پیشان بدەن و جۆرە بانگەشەیەکی مەرگ دۆستانەی لەگەلٚ خۆیدا هەڵگرتبێت و ئەوەش حاڵەتێکی زۆر تایبەتیی بوو کە نەمتوانی نەیخەمە جوگرافیایەکی شیعرییەوە و هەر بەوەندەش وازم نەهێناوە و وەك تۆ ئەڵێیت خوێنەریش بانگ دەکەم بۆ ئەوەی ئەو خوێنە ببینێت کە لە باخچەکەمدا ئەڕژێت بۆ ئەوەی ئەوانیش لەو لەزەتی خۆکوشتنە بێبەش نەبن و هیچ نەبێت لە دوا ساتەکانی ژیانمدا لەنێو ئاپۆرەی خەڵکدا بم و کەسانێك هەبن کە بزانن چەند بە عیشق و لەزەتەوە دەستم ئەچێتە خوێنی خۆم.

خۆ منیش وەك هەر کەسێکی تر ئینسانم و شتەکان کاریگەریی خۆیانم لەسەر جیٚ دێڵن و جار جاریش دەستم دەگرن و دەمخەنە ئەو سارایەوە کە جگە لە تارمایی مردن و خۆکوشتن هیچی تری تێدا نازی، بەڵام جارێکی تریش دەیڵێمەوە هەندیٚ جار لە ترسی مردن لە کۆلٚ ژیان نابمەوە و هەندیٚ جاری تریش ژیان خۆی وا توند ئەمنوسێنێت بە خۆیەوە کە حەز ناکەم قەت لێی جیا ببمەوە .

مەسەلەی "خۆکوشتن "یش لە ئەدەبدا ڕەگێکی قووڵی هەیە و کەم نووسەری دنیا هەیە لە یەکێك لە ساتەوەختەکانی ژیانیدا کەم تا زۆر، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خۆی لە قەرەی نەدابێت و هەندێکیشیان پرۆسەکەیان لە خەیالٚ و فەنتازیایەکی ئەدەبییەوە گواستۆتەوە سەر ئەرزی واقیع و نووسەرانێکی تریش تەنها لە پرۆسەی نووسیندا خۆیان گەیاندووەتە ئەو جیهانە و ڕەنگە ئەوەش جۆرێك لەزەت و ئۆخژنێکی دەروونیی پیٚ بەخشیبن.

**زمناکۆ: لە قەسیدەی ( ئینسان ) دا بە تەواوی مرۆڤەکانت ڕسوا و نابووت کردووە ، کە ئەمە بەلای منەوە شتێکی جوانە، چونکە ئینسان ناشرینترین مەخلوق و ئافەریدەیە، بە واتایەکی**

**تر ئینسانەکان فاکتەری سەرەکین لە تێکدانی ڕیتمی ژیان، هەر ئەوانن کە لێپرسراون بەرامبەر بە هەموو ناجۆرییەك ...ئەی ئەوە نییە خۆت بە ئینسانەکان دەڵێیت :-**

**شتێکی بچکۆلە لە ژێر قەفەزەی سنگتایە، ناوت ناوە دڵ**

**جووتێک هەڵماتی دوو ڕەنگت لەسەرتا هەڵگرتووە، پێیان ئەڵێیت چاو**

**خوێنی گورگەکان ئەڕێژیت بۆ ئەوەی لمۆزی خۆت زووتر بگاتە پاشەڵی مەڕەکان**

**ئایا پێت وایە کە لەئەساسدا ئینسان خۆی قابیلی ئەو ناشرینکردنەیە ؟؟**

**ئەگەرچی وەڵامی ئەم پرسیارە لای من بە بەڵێ بێت .. تکایە لەم بارەیەوە بۆمان بدوێ ..**

**بەرزان هەستیار: ئینسان خۆی لە خۆیدا هەڵگری دوو خەسڵەتی دژ بە یەکە، لە لایەك ئەوەندە هێز و توانا شك دەبات کە بە هۆیەوە خۆی بە گەورە و سەروەری هەموو گیانلەبەرەکانی سەر زەوی بزانێت و لە لایەکی تریشەوە دەبینیت زۆرجار بەرامبەر کێشە و ناهەمواریيەکی ئاسایی ئەوەندە بچووك و دەستەوەستان دەبێتەوە کە شایەنی بەزەیی بێت.**

**من زۆر لە ئینسان تووڕەم، لە پێش هەموو کەسێکیشەوە لە خۆم، بەڵام نەمویستووە و ناشمەوێت هیچ کەسێك بە زەلیلیی ببینم، بە ڕادەیەك کە ببێتە هۆی ئەوەی فرمێسکی بۆ بڕێژیت.**

**من ئینسانەکانم نابووت و ڕسوا نەکردووە، بەڵکە ئەوە ئینسانەکان خۆیانن وا لە خۆیان دەکەن کە بەو جۆرە بیانبینیت و وێنەیان بکێشیت، تۆ ببینە چۆن ئەو هەموو جەنگە سەرزەمینیان پڕ کردووە لە خوێن و بۆنی مەرگ ؟؟؟ بڕوانە ئینسان چۆن بە هەر چوار لای خۆیدا هەڵپەی ئەوە دەکات کە میکاڤیللیانە هەموو ئامانج و غەریزەکانی خۆی بێنێتە دی؟؟؟ ببینە چۆن پێشبڕکێ دەکات لە پێناو ناشرینکردنی بەرامبەرەکەی و ئارایشتکردنی ڕووخسارە دزێوەکەی خۆی؟؟ زمناکۆ گیان من دەمەوێت زللەیەك لە بەشەر بدەم تا کەمێك بیر لەو مەهزەلەیە بکاتەوە کە بە درێژایی مێژوو دروستی کردووە.**

**کەم کەس هەیە ڕۆژانە فوویەك لەو تەمە بکات کە بەر پەنجەرەی ڕوانینی لێڵکردووە و بە پێچەوانەوە هەر بەو بەرچاو لێڵییەوە بەیانیان دەچێتە دەرەوە و هەڵسوکەوت لەگەڵ چواردەورەکەی دەکات و هەمیشەش خۆی بە سوپەرمانێك دەزانێت و پێی وایە هەموو ڕاستییەکان لە کەللە سەری ئەووەوە ڕێچکەیان بەستووە، لە دەرەوەی جوغزی ئەودا، نە شتێك هەیە پێی بگوترێت حەقیقەت و نە کەسانێکیش هەن خاوەنی ماف و ئازادیی خۆیان بن.**

**زمناكۆ: پاش ئەوەی لەسەر ( سی دی ) نۆ قەسیدەی خۆتت پێشکەش کردین (کە تا ئێستاش لە سایتی دەنگەکان و خۆزگە دا ماوە و خوێنەر دەتوانێت دایەزێنێت و گوێبیستی بێت) من بۆ خۆم نزیکەی ساڵێکە بەردەوام شەوانە بەدەم بادە نۆشینەوە پاش مەست بوون گوێ لەو سیدیە دەگرم و چێژێکی زۆری لێ وەردەگرم.. ئاخر ئیلقای شیعری تۆ و جەمال غەمبار و تا رادەیەك ئیسماعیل خورماڵیش چێژێکی زیاتر دەبەخشن بە قەسیدەکان، تۆ لە کاتی خوێندنەوەی قەسیدەیەك بە ئیلقای خۆت چ ئیحساسێکت لا دروست دەبێت ؟؟؟ من وا هەست دەکەم هەمیشە ئینفیعال دەکەیت و بیرت چۆتەوە کە بەرزان هەستیاریت ؟؟؟**

**بەرزان هەستیار: براکەم ، بڕوا بکە هەر سات و کاتێك بە میزاجێکی سافەوە قەسیدەیەکی خۆم دەخوێنمەوە وا هەست دەکەم ئەو ساتە هەموو گیانم نیشتۆتە سەر ئارەقەی شیعر و لە جۆرە زیکرێکی دەروێشانەدام و لەگەڵ ووشە بە ووشە و دێڕ بەدێڕیدا سۆزێکی وا دەمگرێت کە هەست دەکەم ئەوە یەکەم جارە دەچمە ئەو جیهانە ئەفسووناوییەوە.**

**هەست دەکەم زۆر باش لە ئیحساس و تەنانەت تۆنی دەنگیشم گەیشتوویت، بە ڕاستی کامەرانم بەوە کە دەزانیت من لە کاتی شیعر خوێندنەوەدا تەنانەت بیریشم دەچێتەوە کە "بەرزان هەستیار"م . بەڵێ ئازیزم، ئەو ئیحساسەم لا دروست دەبێت کە کۆمەڵێك وشە هاتوون و من دەنووسنەوە، منێکی ڕاستگۆ، منێك کە مەگەر لەساتەکانی شیعرنووسین، یان شیعر خوێندنەوەدا بزانم لە وجودی خۆم حاڵیی ببم.**

**بەختەوەریشم بەوەی کە توانیبێتم جۆرە ئیلقایەك بە شیعرەکان ببەخشم کە کەسانێك وا لێ بکات بە عیشقەوە گوێیان لێ بگرێت و تا سەر ئێسقان خۆم و قەسیدەکان بە ڕووتیی ببینن.**

**شتێکی تریش هەیە نابێت هەمیشە لە بیرمان بچێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە زۆر جار ئیلقای شاعیر فێڵێکی گەورە لە گوێگر دەکات، بە مانایەکی تر کەسانێك هەن لە کاتی شیعر خوێندنەوەدا جۆرە سیحرێکی وا دەبەخشنە وشەکان کە گوێگر وا لێ دەکەن تەنانەت دەلاقەی گەورە و بگرە هەموو کرچ و کاڵییەکانی شیعرەکەش هەست پێ نەکات، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر گوێگر خۆی شیعرەکە بخوێنێتەوە دڵنیابە جۆرە بۆچوونێکی تری سەبارەت بە شیعرەکە لا دروست دەبێت کە زۆر جیاوازە لە ڕا و بۆچوونی ئەو دەمەی کە بە دەنگی شاعیرەکە گوێی لێ بووە، هەڵبەتە ئەمە پێچەوانەکەشی ڕاستە و زۆر شیعری جوانیش لەکاتی خوێندنەوەدا دەبنە قوربانی ئیلقای نەشارەزایانەی شاعیرەکە.. حەزدەکەم نمونەیەکت بۆ باس بکەم، پێم وایە ساڵی (هەشتاو پێنج) بوو ، " مەحمود دەروێش " ی**

شاعیر کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی لە هۆڵی " یەکێتی ئافرەتان " لە "بەغداد " گێڕا و بە ئیلقا سەرج ڕاکێشەکەی خۆی کۆمەڵێك شیعری جوانی پێشکەش کرد کە بە ڕاستی هۆڵەکەی هێنایە خرۆشان، پاش ئەویش "ئەحمەد دەحبور " ی شاعیر و هاوڕێی "مەحمود دەروێش" ، دوو قەسیدەی جوانی خۆی خوێندەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی " ئەحمەد دەحبور " نەیتوانی ئیلقایەکی وا ببەخشێتە قەسیدەکانی هەر زۆر بە سادە و ساکاری پێشوازییەکی سارد و سڕی لیّ کرا، من ئەم ڕایەم چەند جارێك لە " بەختیار عەلی "ش بیستووە و ئەویش وای پیّ باشترە قەسیدەی هەندیّ شاعیر بە دەنگی خۆیان گویّ لیّ نەگرێت بۆ ئەوەی ئەو فێڵەی لیّ نەکرێت.

بڕوا بکە جار هەبووە کۆڕی شیعر خوێندنەوەمان هەبووە و وا ڕێك کەوتووە برای ئازیزم " جەمال غەمبار " کۆڕەکەی بەڕێوە بردووە، کە سەرەتا بەشێك لە شیعری شاعیرە بەشداربووەکانی بە دەنگی خۆی خوێندۆتەوە، گوێگر بیّ حەد چێژی لیّ بینیوە، بەڵام کاتیّ شاعیرەکە هاتووە و تەواوی شیعرەکەی خۆی خوێندۆتەوە ئیتر گوێگر هەموو فێڵەکانی لا ئاشکرا بوون و دەستی شاعیرەکەش کەشف بووە.

زمناکۆ: واز لەو منداڵ و نەخوێندەوار و جاهیلانە بهێنە کە لە خۆیانەوە شیعر دەنووسن وقسەی بیّ مانا ڕیز دەکەن بە تایبەت هەندێك کچی موراهیق کە تازە دروست بوون یان ئەو کوڕە موراهیقانەی ( بەرنامەی تەلەفیزیۆنی )یان هەیە و لە پاڵ حیزبدا قسەی زل دەکەن.. ئایا هیچ فاکتەرێکی سۆسیۆلۆژی و جوگرافی و سایکۆلۆژی هەیە بۆ دروست بوونی تەم و مژ و غموزیەت لە شیعرەکانتدا ؟؟؟ یان دروست بوونی ئەو ئەتمۆسفیر و تەقسە غموزیەی نێو شیعرەکانت زادەی بیرکردنەوە و بینینی خۆتە بۆ شیعر؟؟؟ یان چۆن دەتوانیت بەو جۆرە یاری بە ووشە بکەیت ؟؟

بەرزان هەستیار: براکەم ، بەر لە هەموو شتێك دەمەوێت ئەوە بڵێم کە تەم مژ لە شیعردا ئەگەر گەنجینەیەکی مەعریفی لە پشتەوە بێت ئەوە جۆرە سەنگێکی تایبەت تر دەدات بە شیعر و دڵنیاشم تۆش لەو بۆچوونەدا لەگەڵما هاوڕایت، هەڵبەتە منیش مەبەستم تەم و مژێکی هونەرییە و نەك خوێنەر بە لا ڕێدا بردن و وون کردنی، من سەد دەر سەد لەگەڵ ئەو ڕایەی " ئەدۆنیس "دام کە لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە تەم و مژ دەڵێت " واقیع خۆی تەم و مژاوییە و ئەگەر شاعیر بیەوێت سادەو ڕووکەشی بکاتەوە ئەوە خیانەتی لیّ دەکات " ، کەواتە با ئێمە هەوڵ نەدەین لە کێش و سەنگی واقیع کەم بکەینەوە و هیچ نەبێت

**خوێنەریش کەمێك لەگەڵماندا خۆی ماندوو بکات و هەوڵی دۆزینەوەی شتەکان بدات و وا بە تەمبەڵی ڕای نەهێنین کە هەموو شتەکانی بە سادەیی یان کاڵ و کرچی بخەینە بەر دەم و ئەو غەدرە لەویش نەکەین کە تەنها لە تەنکە ئاودا حەز بە مەلە کردن بکات.**

**بۆ مەسەلەی یاریی کردنیش بە وشە، ئەوە من بە ئەرکێکی سەرەکیی شاعیری دەزانم و پێم وایە شاعیر دەبێت جۆرێك یاریی بە ووشە بکات کە بە بێ ئەوەی خوێنەر بەخۆی بزانێت ئەویش ڕابکێشێتە ناو ئەو گەمە جوانەوە.**

**زمناکۆ: دوا پرسیارم ئەوەیە: تا ئێستا چەند جارێکی کەم چاوم بە ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لەسەر قەسیدەکانت کەوتووە، گومان لەوەدا نییە کە تۆ و بەختیار عەلی و یەك دوو شاعیری تری وەك هیوا قادرو جەمال غەمبار کاریگەرییەکی زۆرتان هەیە لەسەر نەوەی نوێ (نەوەیەکی تێکشکاو کە بەردەوام خەریکی کۆچە ) بەختیار بۆ خۆی دەڵێت :-**

**نەوەیەکی پرۆمیسۆسیمان دەوێت کە بزانێت ئاگر لەکوێیە؟؟؟ .. تا بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ئەفسوس زۆر ئیکارۆسی ئێمە لە زەوی بەرز نابێتەوە .. ئەفسوس لە بواری ڕەخنەدا تا ئێستا نەوەیەکی ئیبراهیمیمان نەدیوە..**

**ئەوەی لێرەدا من دەمەوێت پێم بڵێیت وەك شاعیر ئەوەیە :- ئایا ئەو نەوە پرۆمیسۆسە لە ناو کورد دا دروست بووە کە بەختیار باسی لێوە دەکات ؟؟؟ پاشان ئەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوانەی کە قەسیدەکانی تۆیان بەسەرکردۆتەوە لەو نەوە ئیبراهیمییەیە ؟؟ یان هەمووی لە دۆخێکی دۆگما و کەم خوێنی مەعریفی دا بووە ؟**

**بەرزان هەستیار: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، یان با بڵێم ئەم پرسیارانە ، دەمەوێت لەوێوە دەست پێ بکەم و بڵێم من یەکێکم لەو شاعیرانەی کە تا ئێستا ڕەخنەی کوردی کەمترین ئاوڕی لێ داوەمەتەوە، دەتوانم بڵێم لە ئەزموونی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ تەمەنی شیعر نووسینمدا، ئەو نووسینانەی لەسەر شیعرەکانم نووسراون لە ژمارەی پەنجەکانی دەستێك تێنەپەڕیون و لە هەمان کاتیشدا لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی قووڵیان بۆ نەکراوە.**

**منیش لەگەڵ " بەختیار عەلی "دام و دەڵێم ئێمەش ئیکارۆسمان هەیە بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئایا ئەو ئیکارۆسانەی ئێمە تا چەند توانای فڕین و بەرزبونەوەیان هەیە؟؟؟ بە داخەوە ئیکارۆسەکانمان ئەوەندە باڵەکانیان تۆکمە نەبووە کە بتوانن ئەوەندە بەرز بنەوە تا هەموو کون و کەلەبەر و شوێنە وونەکان ببینن و بدۆزنەوە.**

**بەڕێزم بڕوا بکە خۆماندوکردنێکی زۆری ناوێت تا بزانین ئەو نەوە " پرۆمیسۆس " ە دروست بووە یان نا ؟**

**برۆ بە ناو گۆڤار و ڕۆژنامەو کتێبەکاندا بگەڕێ ئەوجا خۆت دەگەیتە ئەو قەناعەتەی کە ئێمە چەند کلۆڵ و دەست و پێ سپین لە زۆربەی بوارەکانی نووسیندا، بە داخیشەوە وەك ئەوەی شیعر مەلا خۆرە بێت، هەر کەسێك کەمێك زمانی نووسینی دەپژێت یەکسەر بەبێ لە دەرگا دان خۆی دەکات بە ماڵی شیعردا، لەم ڕۆژگارەشدا زۆربەی سایتەکانی ئینتەرنێت ڕۆڵێکی خەتەر دەەبینن و بە بڵاوکردنەوەی ئەو هەموو نووسین و شیعرە کرچ و کاڵە وا لە کەسانێك دەکەن کە بەر پێی خۆیان نەبینن و پاش بڵاو بوونەوەی یەك دوو شیعری، ئیتر لوت لە هەور بسوێت وبەمەش هەر لە سەرەتاوە خۆی ون دەکات، سامناکترین حاڵەت ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە ڕێت لێ ون بکرێت و نەزانیت ئەوەی دەینووسیت و دەیڵێیت چییە و چەند سەنگ و شوێنی خۆی هەیە، یان بە واتایەکی تر ئەوەی دەینووسیت زۆر زیاتر لە قەوارەی خۆی بدرێتێ یان زیاد لە حەد بچووك بکرێتەوە، بەڕای من لە حاڵەتی دووەمدا خەتەرەکە لەوەدایە نووسەر هێزی ئەوەی نەبێت خۆی بەرامبەر ئەو بچووك کردنەوەیە بگرێت و هەر زوو لە مەیدان هەڵبێت، کە بە ڕاستی ئەوەش کەم کەس دەتوانێت خۆی لەبەردا ڕابگرێت.**

**زمناکۆ: ئەوەی من پێویستم پێبوو لەم پێنج پرسیارو وەڵامەدا چنگم کەوت، نازانم تۆ هیچت ماوە یان کۆتایی بە دیدارەکە بهێنین؟؟**

**بەرزان هەستیار: من هیچ شتێکی ئەو تۆم نەماوە لێرەدا بیڵێم ئەگەر چی پرسیارەکان لە هەندێ جێدا زۆر چڕ و پڕ بوون و پێویستیان بە زیاتر لەسەر وەستان هەبوو، بەڵام من خۆم هەمیشە پێم باشە ئەوەندەی دەکرێت بە کورتی شتەکان بڵێم و نەچمە سەر شتی لاوەکی و دواجار سوپاسی ماندووبونی تۆش دەکەم.**